# هەورازی کوورِ پشتی شاخی قەندیلە بۆ گەریلا دانەویوە*

خالە بەکر

گەر بیت وئەمڕۆکە بڕوانینە بارودۆخ و ژیار بەسەر بردنی گەلانی دنیا،کەهەنوکە چۆن لەسایەی سەربەخۆیی و بەرخوداندا دژ بە داگیرکەران و پێشێلکارانی مافە ڕەواکانی نەتەوەییدا لەپێناو وەدەستهێنانی ئازادی و سەربەخۆییدا بەری ڕەنج و خەبات و تێکۆشانی خۆیان ئەدورنەوەو لەو پێناوەدا چەندین تێکۆشەرو هزری زانستیان کردە سوتماکی ئەو سەربەستیەی کەئێستاکە لەسایەیدا دەژین و شانازی پێوە دەکەن و گەلی کوردیش هیچ شتێکی لەو گەلانە کەمتر نەبوەو بگرە پتریش بووە

گەر بێت و جاوێکی خیرا بەمێژوی گەلانی لاوس و ڤێتنام و کەمبۆدیادا بخشێنین دەگەینە ئەو ڕاستیەی کەئیرادەی گەلان ئیرادەیەکی پۆلاییەو مەحاڵە نەگات بەو ئامانج وئاکامانەی کەلەپێناویدا تێدەکۆشێت بەمەرجێک سەرکردەو سیاسەت مەدارەکانیان خۆراگر ببوون و دوورەپەرێزی نۆکەرایەتی و کلکایەتیان دوورە پەرێز گرتبێت و بەرژەوەنیەکانی خۆیانیان پێش بەرژەوەندی گەلەکەیان نەخستبێت و هەماهەنگ نەبوبوون لەتەک دوژمنان و داگیرکەراندا،بەشداری کردنی سەرتاسەری گەل لەبزوتنەوەو شۆڕشدا فاکتەرو ووزەیەکی لەبن نەهاتووە بۆ شۆڕش وەهەر وەها پڕوپاگەندەیەکی دەروون تۆقینەرە لەلای دوژمن،ئەو دەمەی داگیرکەرو کاپیتاڵێکی وەک ئەمەریکا خوازیاری نەهێشتنی گەلی ڤێتنامی ئەدا تاوەکو لەبن ڕکیف و لەبۆتەی ژێردەستەیی خۆیدا حوکمی بکات و بیچەوسێنێتەوە سەرجەم هاوڵاتیانی ڤێتنامی بە هەردوو ڕەگەزیگەورەو بچوکەوە خۆیان پڕ چەک کردو بەرەنگاریان کردە دروشمی ئازادی و سەربەستی،وە ئەو ئافرەتانەش کەتوانای چەک هەڵگرتن و بەرەنگاربوونەوەی دژمنیان نەبوو وەک هاریکاری کردنی دەستە شۆڕشگێڕە براکانیان هەستان بەبڕینی پرچەکانی خۆیان و پۆشاکی ژنانەیان لەبەر خۆیان داماڵی و پۆشاکی پیاوانەیان پۆشی وەک هان دان و پشتگیریکردن و هاریکاریەکی مەعنەوی شان بەشانی ژن و پیاوە شۆڕشگێڕەکان لەپێناو بەرەنگار بونەوەی هێزی داگیرکەری ئەمەریکا وەک هەستێکی نەتەوایەتی لەبن نەهاتوو کەپێی گۆشکرابوون.

ئەم پێشەکی و سەربوردەیە وەک وەبیرهێنانەوەکی مێژویی بەپێویستم زانی  وەبیر خۆمانی بهێنمەوە کەئەمڕۆکە پاشماوەی وەچەکانی ئوسمانلی و تورانیەکان هەر لەساڵی 1925 وە لەسەرەتای بڵێسەی شۆڕشی شیخ سەعیدی پیرانەوە لەهەوڵ و کۆشش و تەقەلای ئەوەدان کەنەتەوەیەکی خاوەن جوگرافیاو مێژوی وەکو کورد بتوێننەوەو لەسایەو بۆتەی ڕەگەز پەرستی خۆیاندا بەبیانوی هێرش کردنە سەر بنکەو سەنگەرو بارەگاکانی پارتی کرێکارانی کوردوستان کوشت و برێکی سەرلەنوێی وەک کوشتوبڕی ئەرمەنێکانمان بەبەر جاوی سەرجەم گەلانی دنیاوە بۆ ساز بکەن،ئەو هەل و مەرجەی ئەمڕۆکە بەداگیرسانی تیشکی سەوز کەبۆ تورکیایان هەڵکردوە لەسایەی بارودۆخی شلۆقی نائارامی عێراقەوە بەپشتیوانی وڵاتانی دەروجیرانەوە وەهەرەوەها لەسایەی سیاسەتی دووفاقی ئەمەریکاوە کەئێستاکە بەدرۆیەکی هەڵتۆقاوی ئاشکرا دیبلۆماسیەتی خۆی دەخاتەگەڕو فرمێسکی تیمساحانە دەڕژێت بۆ کوردو عێراق، گشت کەس دەرکی بەوە کردوە کەئەمە سیناریۆیەکە لە سیناریۆو پلانە درێژ خایەنەکانی  خودی ئەمەریکا خۆی لەناوچەکەدا،گەر وانەبوایە تورکیا بەهیچ شێوەیەک جورئەتی ئەوەی نەدەکرد لەژێر بیانوی هێرش و نەهێشتن و هەڵکەندنی بنکەکانی پارتی کرێکارانی کوردوستانی تورکیا لەقەندیلی خاکی عێراقدا ئەو کارە ئەنجام بدات،چونکە ئەمرۆکە هەموو وولاتانی دنیا بەخودی تورکیا خۆیشیوە دەزانن کە ئەمەریکا خاوەنی عێراقە،گەر ئەمەریکا ئەو دەمەی قەڵای ستەم و زۆرداری عێراقی ڕوخاند لەپلانەکەیاندا (ئەمەریکاو بەریتانیا)لێدان و تەفروتوناکردنی بنکەکانی

جنۆکەکانی ئیسلامی لەخۆ گرتبوو کە لەناوچە سنوریەکانی عێراق و ئێران خۆیان قایم کردبو وە بنکەی تیرۆریان بەهەماهەنگی ئاخوندەکانی جەهل و تاریکی و نەفامی ڕۆژ بەڕۆژ لەبرەوو پەرەسەندندا بوو لەبەر ئەوەی لەلیستی ئەمەریکاو بەریتانیادا بەئیرهابی ناوزەندکرابون و ئاخوندەکانی ئێران داڵدەیان دابوون،وەهەر وەها ئەمەریکاو بەریتانیاش ئەو دەمە پارتی کرێکارانی کوردوستانی تورکیایان هەر بەتیرۆریست ناوزەند کردبوو،ئەی بۆچی..؟ لەگەرمەگەرمی ئەو شەڕەدا لەبنکەو بارەگاکانی پەکەکەیان نەدا(تۆ بڵێی لەبەر چاوی کاڵی بەڕێزان مەسعود بارزانی و مام جەلال) بوبێت و نەیکردبێت، خۆ ئەودەمە پێش مانگی ئاپریلی 2003 کە ڕژێمی عێراق بەسەر پێوەبوو بۆچی تورکیا ئەو پلانەی جێ بەجێ نەکرد کەلەساڵەکانی حەفتاکانەوە هەماهەنگی چوار قۆڵی لەنێوانیانا هەبوو(تورکیا،عێراق،ئێران،سوریا) وەهەموو شەش مانگ جارێک یان ساڵی جارێک بۆ ئەو مەبەستە راوێژی یەکتریان دەکردو کۆدەبوونەوە بۆ لێدان و تەفروتوناکردنی هەر بزوتنەوەو جموجۆڵێکی شۆڕشگێڕانەی پێشمەرگە لەناوچە سنورێکاندا،ئەمانە خۆی لەخۆیدا کۆ گەلیک پرسیارن و ڕۆژ نیە لەهزری خۆمانا بێنەو بەرەی پێ نەکەین و لەخۆمانی نەکەین،تورکیا بەئابوریەکی داتەپیوەوە خۆی بەپۆلیس و جاودێرو خاوەنی ناوچەکە دەزانێت و هەمیشە تەراتێنی سیاسی و سنوور بەزاندنی میلیتاری سەر تۆپی پلانە گڵاوو نەگریسەکانی بووە بەتایبەتی لەم دوادوایەدا کە ئەم ئەزمونەی باشوری کوردوستان بوو بە وەرەمێکی سەرەتانی سەر دڵی ژەنەراڵەکانی کەمالیستەکانی ئەم سەردەمەو مەسەلەی تاووتوێ کردن و یەکلایی کردنەوەی کەرکوکیش هێندەی تر بوو بەمۆتەکەی خەونەکانیان و بێ سرەوتی و نائارامی پێ بەخشیون،سەردانی وەزیری دەرەوەی ئێران مەنوشەهرموتەکی بۆ وڵاتی سوریاو کۆبونەوەی لەتەک کورەتاقانەکەی تاران بەشار جێی هەڵوەستەو رامانە کەبەشار پارتی کرێکارانی کوردوستان بەئیرهابی و تیرۆریست ناوزەند کردو سەردەمانیکیش بوو ئەو دەمەی کە ئاپۆ لەخاکی سوریا داڵدە درابوو بەهێزو بزوتنەوەیەکی شۆڕشگێڕ بیرناویان دەهێنان،ئێمە لێرەدا دەبێت بگەڕێینەوە بۆ ئەو هاوکێشانەی کەلەو دەمەدا تاران لەپێناو بەرژەوەندیە تایبەتی و گشتیەکانی خۆێ کەچۆن لەم دیو پەردەو پشت پەردەوە هاوکاری لۆجیستی پارتی کرێکارانی دەکرد دژ بەئەمەریکاو دەوڵەتی جوو(ئسرائیل) چونکە ئەمەریکا پارتی کرێکارانی خستبوە نێو لیستی ڕێکخراوە ئیرهابی و تیرۆریستیەکانەوەو هەر وەها ئەو دەمەش تورکیا هاوپەیمانیەکی پتەوی لەتەک ئیسائیلدا مۆر کردبوو کە جسرێکی جەویان لەنێوان خۆیاندا پێک هێنابوو،ئەمەش ببوە هۆی نیگەرانی ئاخوندەکانی تاران،ئەمە جگە لەوەی وەک دژایەتی کردنێکی ئاشکراش لەڕووی ئەمەرێکادا بەکاری دەهێنا کە بە(شیطان الاکبر) لەمیدیاکانی خۆیدا ناوزەندی دەکرد،لێ هەنوکە دژایەتی کردنی پارتی کرێکاران لەلایەن تارانەوە بۆچی هاوکێشەکەی ئاوەژوو کردو بەبەرژەوەندی تورکیادا لار بۆوە..؟ ئەمەش لەبەر ئەوەی هاوسۆزی خۆی لەتەک تورکیادا پتەو بکات و گەر بێت و ئەمەریکا خواستی ببێت سیستەم و حوکمڕانی ئاخوندەکان کۆتا پێ بهێنێت و تورکیاش
هاوجیرانی ئێرانەو سنوور بەسنوورەوەن قایل نەبێت بنکەی ئەنژەرلیک دژ بەلێدانی ئێران بخاتە گەڕ.

هەرچەندە لای هەموو دەوڵەتێکی خاوەن سوپای نیزامی وە بەتایبەتی لای ئێران و تورکیا وەک پەرچەکردارێکی ڕەها ڕوون و ئاشکرایە کە هەرگیز سەرکەوتن بەدەست ناهێنن،وە هەموو هەڵمەت و شاڵاوو لەشکرکێشیەک دژ بە بزوتنەوەیەکی شۆڕشگێڕی پارتی زانی بەرپای بکەن بێگومان هەردەم بنکەوتنی سەربازی و شکست خواردن بۆ زەوتکەرانی مافی میللەتان بووە.
لەڕاستیدا ئەوەی پتر هاندەری ئەم ووتارەم بوو کۆنگرە ڕۆژنامەنوسیەکەی بەڕێز سەرۆکی وەزیرانی هەرێم بوو کە ڕۆژی چوارشەممە 2007/11/7 سازی دا،کە لەدەربڕینەکانیدا گەلێک بە پێچەوانەی دەربڕینەکانی سەرۆکی هەرێم بەڕێز کاک مەسعود بارزانی بوو کە لەسەرجەم میدیا ئەرەبی و کوردی و بیانێکاندا گوێ بیستی بووین و بەپێویستیشی نازانم کە لێرەدا دەربرینەکانی دووپات بکەمەوە.

بەڕێز کاک نێچیرەڤان زۆر ڕاشکاوانە دەیفەرموو(ئەوەی ئەمڕۆکە پ.ک.ک دەیکات و ئەنجامی ئەدات بەهیچ شێوەیەک لەبەرژەوەندی خۆیدا نیەو لەهەمان کاتیشدا لەبەرژەوەندی کوردوستانیشدا نیەو پێویستە بیر لە حەلێکی تر بکاتەوەو ئاگر بەستێکی درێژ خایەن بکات، ئێمە لەگەڵ ئەو کارە خراپانەدا نین کە پ.ک.ک دەیکاتن،وە ئەگەر بێت و دەست لەم کارانە هەڵنەگرێت ،ئەوە بێگومان دەچێتە خانەی ڕێکخراوێکی ئێرهابیەوە.) لێرەدا ئەز نەکارم وەک شیکەرەوەیەکی ڕامیاری ئەم دەربڕینەی بەڕێز سەرۆک وەزیران تاووتوێ بکەم و لێی بکۆڵمەوە، لێ هێندە دەڵێم بەڕای بەڕێز کاک نێچیرەڤان گەریلاکان سنگیان واڵاکەن بۆ ئاگرو ئاسنی تورکان و گەریلاکانیش لۆکە بگرنە جەندرمەکانی تورکیا،وەیان بەچ مەرجێک لەتەک تورکاندا ئاگر بەستی درێژ خایەن بکات گەر بێت و تورکەکان هیچ مەرجێکی(پ.ک.ک)ەیان پێ نەنگ بێت و پێ قبوڵ نەبێت،وەیان ئەو (حەلە=چارەسەرە) چیە،ئایا بەڕای بەڕێزی پێشنیاری تەسلیم بوون و چەک دانان و داماڵینە.

وەهەروەها بەڕێزی فەرمووی(پ.ک.ک زۆر عەمەلیاتی خراپی کردوە لەخاکی کوردوستانا کەئەمەش بەڕای ئێمە کارێکی خراپەو باش نیە،وە ئەو جەیشەی تورکیا کە لەسەر سنووری کوردوستانە لە1995 بەرەو سەرەوە بەتەنسیق لەگەڵ حکومەتی هەرێمدا لەوێدایە.) منیش لێرەدا دەپرسم..؟ ئایا کەوەکو تەنسیق هەیە لەنێوان تورکان و کوردانی باشوردا ئەی بۆچی لەکۆنگرەی ئەنکەرەدا هیچ بەهایەک بۆ وەفدی کوردی دانەنراو قۆرخی هاوبەشی کردنی وەفدی کوردیان کرد.

وەیان گەر حکومەتی عێراقی ئێمە بەکوردی عێراقی دەزانێت و بەبەشێکی هەرەگرینگی پرۆسەی سیاسی عێراقمان دەزانێت بۆچی هیچ هەڵوێستێکی نەنوان لەمەڕ بەشدار نەبوونی وەفدی کوردی،ئەمانە گشتی پیشبینیە لەلایەن مالیکی ئاخوندو داردەستی تاران کە گەرەکێتی تورکیا بکات بەداردەست تاوەکو لەو ڕێگەیەوە ڕۆڵی سیاسی و ئابوری و دیمۆگرافی هەرێمی کوردوستان لاواز بکات و بیشێوێنێت،چونکە حکومەتەکەی ئەمڕۆی مالکی تەواو هەماهەنگە لەتەک هەڵوێستی تورکیاداو پارتی کرێکارانی کوردوستانی بەڕێکخراوێکی ئێرهابی و تیرۆریست ناوزەند کرد،ئەم هەڵوێستانەی حکومەتی عێراقی هەڵوێستی جەرگ بڕی تری لێ دەکەوێتەوە دەرهەق بەگەلی کوردو خاک و سەروەری کوردوستان،چونکە گەر بێت و ئێرانیش بیەوێت لەناوبردنی موجاهیدینی خەلق بخاتە ئەجیندەی سیاسی خۆیەوە ئەوا خاکی کوردوستان یەکەم خاڵ دەبێت بۆ هەڵمەت و لەشکرکێشیێکەی و ئاخوندەکانی عێراقیش هەماهەنگی دەکەن و هەمان هەڵوێست دەگرنەبەر کە ئێستاکە بەرامبەر تورکیا گرتویانەتەبەر دژ بە پارتی کرێکارانی کوردوستانی تورکیا کە گەریلاکانی لەڕۆڵە جەربەزەکانی هەر پێنج پارچەکەی کوردوستان پێک هاتوون.

---

* داوای لێبوردن لەکاک شیرکۆ بێکەس دەکەم کە پێشمەرگەم کردوە بە گەریلا.